٢٠٠٥/٥/٢٢

# بەیانی دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لە سوید

گرنگترین ئامێری سەرەکی، میکانیزمی بەردەوامی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی، هێزی پێشمەرگە بووە. پێشمەرگە، وەک سیمبۆڵی فیداکاری و قوربانی نەتەوەی کورد ناسراوە، وە چەکی بە گژاچوونەوە و بەرنگاربوونەوەی دەستی بزووتنەوەکە بووە، دژی داگیرکەرەکانی کوردستان.

نەبەردییەکانی پێشمەرگە، لە مێژووی دوور و درێژی خەباتی چەکداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، جێگەی شانازییە گەلە. ئەگەرچی هەڵبژاردنی ئەم شێوازی بەرنگاربوونەوە و خەباتکردنە بە ئارەزوو نەبووە، بەڵکوو بە زۆر سەپێندراوە بە سەریدا و تاکە ڕێگا بووە بۆ پاراستنی لە ژیان و مانەوەی گەلی کورد.

شێوەی ژیانی پێشمەرگە، سەخترین شێوەی ژیانی مرۆڤە. هەر پێشمەرگە بوو، شیوەنی مەرگی هاورێکانی خۆی دیوە، شەوگاری بە بناری شاخەوە، بە باری قورس و برسی ڕۆژ ئەکردەوە، هەموو ئایندەو خۆشی ژیانی خۆی لە پێناوی ئایندەو ڕزگاری میللەتەکەی داوە. هەر پێشمەرگەش بوو دەیزانی بەهای ئازادی و تامی ژیان چییە.

بۆ پارێزگاری لە مێژووی ئەو وشە پیرۆزە و بۆ کەسایەتی پێشمەرگە، جا ڕۆژگاری ژیان بۆ هەر شوێنێکی دونیای بردبێ، لە لایەن چەند پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆرشی نوێی کوردستان، دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، لە سوید لە شاری ستۆکهۆڵم لە ٢٠٠٥/٥/٢٢ ئاشکرا کرا.

ئێمە پشتگیری خۆمان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات دەکەینەوە، لایەنگری دامەزراندنی دەزگای دەوڵەت، لە سەر بنچینەی دیمۆکراتی، مافی مرۆڤ و بە هاوچەرخکردنی کۆمەڵگەی کوردەوارین، بەڕێگای ئاشتییانە، چالاکانە تێدەکۆشین بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە دەبێتە مایەی دابینکردنی مافەکانی پێشمەرگە دێرینەکان کوردستان.

دەمانەوێ سەر لە نوێ چاو بخشێنرێتەوە بەو کەموکوریانەی کە خاوەن ماف، لە مافی ڕەوای خۆی بێبەش کردووە، پێناسەبکرێتەوە بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی گشتی، ڕەچاوکردنی یاسا و مافە مرۆڤایەتییەکان لە خۆ گرتبێ، چیتر بەرژەوەندی گشتی نەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی چەند کەسانێک و بازرگانی نەکرێت بە ناوی پێشمەرگەوە.

ئەمانە دەبنە دروشم و بەرنامەی کاری کۆمەڵەکەمان کە ببێتە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییانەی کە لە هەناوی ئەو کوردپەروەرانەدا، چەکەرەی کردووە و کەس ئاورێ لێی نەکردۆتەوە.

جا هەر بۆیەش دەمانەوێ هەنگاوەکانمان، بەپێی نۆرم و یاسا و بیروڕایەک کە لە لایەن زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک و دونیادا پەسەندبێ و سەرچاوەبگرێ.

کۆمیتەی بەڕێوەبەر
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

pm_dereen@yahoo.se